# ڕەشنووسی دەستووری ئێراق، کورد و عەرەب و ئەمریکا

ئەحمەد ئەنوەر

وەکو بەشێك لەو پرۆسە سیاسیەی لە ئێراقدا بەڕێوە دەچێت، دوای بینەو بەردەیەکی زۆر ڕەشنووسی دەستووری ئێراق ئامادە کرا و بڕیارە لە 2005/10/15 بخرێتە ڕاپرسی گەلانی ئێراقەوە. لایەنە سەرەکییەکانی کوردستان گەلاڵەی ئەم دەستوورە بە دەسکەوتێکی باش لەقەڵەم دەدەن و دەڵێن لەم ئان و ساتەدا هەر ئەوەندە بەدی دێت، هەندێ هێز و لایەن و بەشێکی زۆر ڕۆشنبیرانیش بەتایبەتی ئەوانەی هەندەران بە توندی دژی دەوەستن و خەڵکانێکی وەکو مامۆستا جەماڵ نەبەز بە دەستووری کۆیلایەتی ناوزەدی دەکەن.

برادەرانی یەکێتی و پارتی دەڵێن ئەوەی بۆ کورد بەدیهاتووە 75٪ داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانە، هەروەها دەڵێن لە چەسپاندنی داخوازییەکانماندا ئەمریکا نەك هەر پشتگیری نەکردین، بگرە فشاری بۆ دەهێناین بۆ ئەوەی نەرمی زیاتر لەبەرامبەر شیعە و سوننەکاندا بنوێنین! بە کورتیەکەی گرەو و پێشبینییەکانی هەردوو سەرکردە (تاڵەبانی و بارزانی) سەبارەت بە ئەمریکا و دۆستایەتیان لەگەڵ شیعە وەکو خۆی دەرنەچوو. گومان لەوەدا نییە کە دەستوور ڕێککەوتنی پێکهاتە جیاوازەکانی هەر وڵاتێکە و هەر لایەنێك هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەجێندای خۆی بسەپێنێ و، دەرئەنجام هێزی سیاسی و جەماوەری و پشتیوانی هەرێمی و نێودەوڵەتی پرسەکان یەکلا دەکاتەوە، لە واقیعی ئێراقدا شیعەکان لەسەرێك زۆرینەی خەڵکی ئەم وڵاتە پێك دەهێنن، لە سەرێکی دیکەشەوە ئێران و وڵاتی دیکەشیان لە پشتە، سوننەکانیش جامیعەی عەرەبی بە گشتی پشتیگریان لێدەکات و ئەزموونی حوکمڕانیان لە 80 ساڵی ڕابردووی ئێراق فاکتەرێکی دیکەی بەهێزبوونیانە. ئەوەی لێرەدا دەمێنێتەوە لایەنی کوردییە، ئایا لایەنی کوردی بە چ هێز و بە پشتگیری و پشتیوانی کێ هەوڵی چەسپاندنی مافەکانی خۆی داوە؟

کەموکوڕی شاندی کوردی لەوەدا نەبوو کە ئەو ماوەیە کاری نەکردووە و هەوڵی چەسپاندنی داواکارییەکانی گەلی کوردستانی نەداوە، بەڵکو کەموکوڕی یان هەڵەی ستراتیژی سەرکردایەتی کورد لەوەدایە کە لەسەر بنەمای متمانەیەکی بێ سنوور بە ئەمریکا و فەرامۆشکردنی خەڵکی کوردستان چووەتە نێو ئەو پرۆسە سیاسییەوە. لە هەمانکاتدا خوێندنەوەیەکی بابەتیانەشی بۆ ئەجێندای ئەمریکی لە ئێراق و ناوچەکە نەبووە، وای زانیوە ئەگەر بەردەوام خۆی بە دۆستی ئەمریکا دابنێ و بە گوڵ و ڕێحان پێشوازی لە کاربەدەستانی بکات ئەوا هەموو شتێك دەبڕێتەوە و هیواو ئاواتەکانی کورد دێتە دی!

کەموکوڕی یەکێتی و پارتی لەوەدانییە کە لە ماوەی نووسینی دەستوور کاریان نەکردووە و هەوڵیان نەداوە، بەڵکو کێشە لەوەدایە ئەوان لە 14ساڵی ڕابردوو چ ئەزموونێکی سیاسی و ئیداریان لە کوردستان بەڕێوە بردووە. باشووری کوردستان لە دوای 1991 هەلێکی زێڕینی بۆ ڕەخسا تاوەکو دەسەلاتێکی خۆجێیی دیموکراتیانە بونیادبنێ، کار بۆ چەسپاندنی دەسەلاتی قانوون بکات و مافەکانی مرۆڤ بپارێزێ، پەرە بە گەشەی کۆمەلایەتی و ئابووری بدات، بەڵام لە جیاتی ئەوە هەردوو حزب هەموو شتێکیان کردە قوربانی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و ئەو پەرلەمان و حکومەتەی هەبووەش لە ڕواڵەت ماوەتەوە و هەمان ئەزموونی حوکمی حزبی قائیدی وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەلات و جیهانی سێ دووبارە کراوەتەوە. لە کاتێکدا ئەمریکا دژ بەوجۆرە حوکمڕانییە هەڵمەتێکی جیهانی دەست پێکردووە و یەك لە دوای یەك ئەو جۆرە سیستەمانە دەڕوخێنێ، کەچی هەردوو حزبەکەی خۆمان چاوەڕێی ئەوەن ئەمریکا هاوکار و پشتیوانیان بێ بۆ ئەوەی بە مۆدیلی ڕوسیا، یوگسلافیا، سوریا و کوبا... هتد دەوڵەتی حزب بونیاد بنێن و حیکایەتی سەرکردەی حەکیم و قائیدی زەرورە دووبارە بکەنەوە!

لە 15 ساڵی ڕابردوو لە زۆر شوێنی دونیا لەو هەرێمانەی کێشەی ئەتنیکی وئاییینیان هەیە، کاتێك هەرێمێك لە چەسپاندنی دەسەلاتی قانوون و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دابینکردنی ئازادیە گشتییەکان هەنگاوی ناوە، ئەوا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پشتیگری لێکردوە و لای لێ کردۆتەوە، بەلام سەرکردایەتی کورد لە هەرێمی کوردستان لە ئەزموونی 14 ساڵەی دەسەلاتی خۆیدا نەك هەر سەرکەوتوو نەبووە، بگرە مۆدێلێکی ترسناکی پیادە کردووە، لە نێوان گوتە و کرداردا دووچاری موفارەقەیەکی سەرسووڕهێنەر هاتووە. لە کاتێکدا داوای دیموکراسی لە حکومەتی ئێراق دەکات، کەچی لە ژێر دەسەلاتی خۆیدا کەمترین جیاوازی پەسند ناکات و هەر ڕایەکی جیاواز لەڕای حزب بە هەڕەشە و مەترسی دەبینێ و بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی لەناوبردنی دەدات! لە کاتێکدا بۆ ئێراقی نوێ باس لە سیستەمێکی دیموکراتی پەرلەمانی فیدراڵی دەکات. کەچی لە سنووری خۆی حزب هەموو شتێکە، پەرلەمان پەنجەمۆری بۆ بڕیارەکانی حزب دەکات. هەروەکو چۆن سیاسەت لەلایەن حزبەوە پاوانکراوە، ئەوا ئابووری و ڕاگەیاندن و سەرجەم لایەنەکانی ژیان بە حزبی کراون، ژنان و لاوان و مامۆستا و ڕۆشنبیران حزبێنراون، شتێك نەماوە ناوی جیاوازییەکانی کۆمەڵگا بێت! هەمان ئەزموونی بەلشەفیەکانی ڕوسیا دووبارە دەکرێتەوە.هەروەکو چۆن لە ڕوسیای جاران یان دەبا هاووڵاتی سەرباز بێ یان کرێکار، لە هەرێمی کوردستانیش هاووڵاتی ناچارە یان یەکێتی بێ یان پارتی ئەگەر نا لەهەموو مافێك بێ بەش دەکرێت.

لە هەلومەرجێکی بەوجۆرە نەئەمریکا و (UN) و نەهیچ هێزێکی جیهانی ئامادە نییە پشتیگری لە ئەزموون و ئیدارەیەکی بەو شێوەیە بکات، بۆیە ئەگەر نوێنەری ئەمریکا و (UN) لەکاتی نووسینی دەستوور ئاوڕیان لە داخوازی شاندی کوردی نەداوەتەوە، بگرە فشاریان بۆ هێناون ئەوا بەشێکی زۆری پەیوەندی بەو ڕاستییانەی سەرەوە هەیە. هەڵەیەکی دیکەی سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی لەوەدا بەرجەستە بووە کە بەردەوام کێشەی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراق لە قاڵب دەدەن و لەهەوڵی ئەوەن نکوڵی لە هەرجۆرە پەیوەندییەکی نێوان باشووری کوردستان و

بەشەکانی دیکە بکەن وەکو بڵێی گەلی کورد تەنیا لە ئێراق دەژی و ئەو مەسەلەیە هیچ پەیوەندییەکی بە وڵاتانی "تورکیا، سوریا و ئێران" نییە. بەمەش سەرکردایەتی کوردی هیچ جۆرە حسابێك بۆ قووڵایی کێشەی کورد و ڕەهەندە هەرێمییەکەی ناکات، لە کاتێکدا ئەو سێ وڵاتە ئاستەنگی جددی دروست دەکەن لەوەی مافەکانی گەلی باشووری کوردستان لە دەستووری ئێراقدا مسۆگەر بکرێت.

سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی لە جیاتی پشتبەستن بە خەڵکی کوردستان و گرتنەبەری شێوازی خەباتی دیموکراتی شارستانیانە، بەردەوام پشت بە هاوسەنگی هێز دەبەستن و هەموو تۆپەکانی خۆیان دەخەنە ناو سەبەتەی ئەمریکا! بێ ئەوەی مەترسی ئەوجۆرە سیاسەتە ڕەچاوبکەن.

ڕاستە کێشەی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان، کێشەیەکی ئاڵۆز و تێکهەڵکێش و ڕووبەڕووی کۆسپ و تەگەرەی جۆراوجۆر دەبێتەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هەڵە و کەلێن و درزی نێو سیاسەت و کارنامەی خۆمان نەبینین. بەڕووخانی بەعس دەبوو کورد لە هەموو لایەنەکانی دیکە زیاتر ئەو ڕەوشە نوێیە بقۆزێتەوە، وەلێ ئەزموونی 30مانگی رابردوو پێمان دەڵێ کە لایەنی کوردی لە پاشەکشە دایە، ئەو ڕەشنووسەی دەستووریش کە چەندین داخوازی ژیانی خەڵکی کوردستانی فەرامۆشکردووە، شایەدحاڵی ئەو پاشەکشێی لایەنی کوردییە کە سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی لێی بەرپرسیارن، چونکە ئەگەر دەستکەوتەکان – وەکو ڕابردوو – موڵکی حزب بن و لە ئەنجامی عەبقەریەت و سیاسەتی حەکیمی ئەو سەرکردانە بەدی هاتبێت، ئەوا پاشەکشێ و شکستەکان کێ لێی بەرپرسیارە؟ یەکێتی و پارتی پۆست و دەسکەوتی حزبیان لە بەرژەوەندی و دواڕۆژی نەتەوەکەیان بەلاوە گرنگترە، ئەگەر نا بۆ دەبێ پەرلەمانی کوردستان دوای 100 ڕۆژ یەکەم کۆبوونەوە ئەنجام بدات و تاوەکو ئێستاش کابینەی حکومەت سازنەکراوە، کەچی لە بەغدا لە شیعە و سوننەکان زیاتر لە خەمی سازدانەوەی ماڵی وێرانی ئێراقن! دواتر هەر خۆیان دەڵێن حکومەتی ئێراق کار بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 58 ناکات. بێگومان ئەگەر هەرێمی کوردستان خاوەنی پەرلەمانێکی چالاك و حکومەتێکی یەکگرتوو با و پێش ئامادەکردنی دەستووری ئێراق، دەستووری هەرێمی کوردستان گەڵاڵە کرابوا لە ڕاپرسی خەڵکی کوردستان پەسند کرابوا ئەوا بێگومان کورد بە پێگەیەکی دیکەوە بۆ بەغدا دەڕۆیشت، بەڵام سەرکردایەتی هەردوو حزب ئەوەندە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمیان بەلاوە گرنگ نەبووە ئەوەندەی بەغدایان بە بنەما گرتووە! گەر تۆ خۆت وەها بیر بکەیتەوە و کاربکەی بۆ گلەیی لە شیعە و سوننە دەکەی کاتێك دەڵێن با هەرێم دەسەڵاتێکی سنوورداری هەبێت؟! تۆ خۆت پەرلەمان و حکومەت و دەستووری هەرێمت ڕاگرتووە تاوەکو لە بەغدا پەرلەمان و حکومەت ساز دەکرێت و دەستوور دەنووسرێت ئەو کاتە گلەیی چی لەبەرامبەرەکانت دەکەی؟! دەتەوێ ئەوان لە تۆ کوردتر و کوردستانی تر بن؟! وەکو کاك ئاسۆس هەردی نووسیبووی تاکەی موچە خۆری بەغدا بین؟

ئەگەر دەگوترێ ئەم دەستوورە بۆمبێکی تەوقیت کراوە و بۆ دواڕۆژ گەلێك مەترسی لە خۆ دەگرێت، ئەوا پێویستە نوێنەرانی کورد هەڵە و کێماسیەکانی خۆیان ببینن و ڕەخنە بدەنە خەڵکی کوردستان و بەڵێن بدەن چیتر بەو شێوەیە چارەنووسی گەل نەکەنە قوربانی حزب.

ئەگەر تۆ لە 14 ساڵی ڕابردوو لە هەولێر، سلێمانی، دهۆك کەمترین ئاستی ڕێز و دادەوەری بەرامبەر ئەو خەڵکە بەرجەستە نەکەی، بە تەنگ کێشە و گرفتەکانیان نەچیت و ئاوڕ لە پێویستیە ڕۆژانەییەکانیان نەدەیتەوە، ئەوا هوتاف و دروشم بەرزکردنەوە بۆ کوردستانێتی کەرکوك و گێڕانەوەی باقی شار و شارۆچکەکانی دیکە چ نرخێکی سیاسی و پراکتیکی دەبێ؟! کێ ڕێگری لێکردووی تا جوانترین مودێلی ئیداری و خزمەتگوزاری لە سلێمانی، هەولێر، دهۆك پەیڕەو بکەی؟ تاوەکو ئێستا بۆ نەتکردووە؟ ئەگەر ناڕەزایی هاووڵاتیانی ئەو شارانە لە لوتکەدا بێت و هیچ ئومێدێکیان بە بەڵێن و قسەی سەرکردەکان نەمابێ، ئەوا سبەی چ گەرەنتییەك هەیە کەخەڵکی کەرکوك، شەنگال، خانەقین و دووز و مەخموور دەنگ بدەن کە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان؟! ئەگەر ئاستی ژیان و خزمەتگوزاری و ڕێز و دادپەروەری لە بەغدا و شارەکانی دیکەی ئێراق لە هی هەرێمی کوردستان باشتر بێت، ئەوا بۆ دەبێ گلەیی لە خەڵکی بکەین ئەگەر نەیانەوێ بگەڕێینەوە سەر هەرێمی کوردستان!

ئەو گفتوگۆیانەی کە ئەمڕۆکە لەسەر ڕەشنووسی دەستوور دەکرێت و لایەنی دەسەڵاتدار بە دەسکەوتی مێژوویی دەزانێ و هەندێ لایەنیش بە کۆیلایەتی دەزانێ بە رووکەشی دەمێنێتەوە و لە گەوهەری کێشەکە دوور دەکەوێتەوە. حیکمەت لەوەدا نییە بۆ ئەو ڕەشنووسە بڵێین؛ بەڵێ یان نەخێر. چونکە هەتا ئەقڵیەتی سیاسی لە کوردستان وەکو ڕابردوو کار بکات، ئەوا وەکو نەتەوەیەك بەرەو پێشەوە ناچین. لە بنەڕەتدا حزب بۆتە ئامانج و نەتەوە و نیشتمان بوونەتە ئامراز! ئەوەی گرنگە دەسەڵات و بەرژەوەندی حزبە، نەك چارەنووس و پێشکەوتنی گەل و وڵات. لەبەر ئەوە هێزە سیاسیەکانی کوردستان بە تایبەتیش یەکێتی و پارتی دەبێ بە خۆیاندا بچنەوە و خۆیان یەکلا بکەنەوە و بڕیاری ئەوە بدەن؛ دەست لەو ئەقڵیەتە بەردەدەن یان لەسەری بەردەوام دەبن؟ ئایا بە پێویستی دەبینن کوردستان بە پرۆسەیەکی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی لەسەرجەم بوارەکانی ژیان تێپەڕێت یان نا؟ ئەگەر پێویستی پرۆسەیەکی بەو شێوەیە دەبینن ئەوا دەبێ پرۆسەی بەخۆداچوونەوە و دانان و بەگەڕخستنی کارنامەیەکی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و ئیداری لە لایەن هێزە سیاسییەکان، ناوەندە ئەکادیمیەکان و ڕۆشنبیران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بخرێتەوە ڕۆژەڤ و گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی پێویستی لەسەر بکرێت، بێگومان کارکردن بەو ئاراستەیە هەم دەتوانێ ڕێگە چارەیەك بۆ ئەو قەیرانەی لە ئارادایە بدۆزێتەوە، هەم دەتوانێ متمانە بۆ کۆمەڵانی خەڵك بگێڕێتەوە و ڕای گشتی ئاکتیڤ بکرێ و بە هەق پەرە بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا و دەسەڵات بدرێ. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا قوربانی و سەروەرییەکانی یەکێتی و پارتی کاتێك واتادار دەبێت کە زەمینە بۆ پرۆسەیەکی لەوجۆرە خۆش بکەن، یان بەلایەنی کەم ڕێگری لێنەکەن. لە حاڵێکدا ئەگەر یەکێتی و پارتی لەسەر هەمان نەزمی جارانیان بڕۆن و وەکو ڕابردوو هەموو مەسەلەکان لە فلتەری حزب تێپەڕێنن، ئەوا دەبێ باقی هێزەکانی دیکە و ڕۆشنبیران و خەڵکی کوردستان بەدوای ئەلتەرناتیڤی دیکەدا

بگەڕێن، بەلای من ئەوەی گرنگە هەوڵدانە بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی سەرلەنوێ بەخۆدا چوونەوە و بونیادنانەوەی کوردستان، کارکردنە بۆ هێنانەدی ئەقڵیەتی سیاسی کراوە و دیموکراتی و نەتەوەییانە کە هاوچەرخانە بیر بکاتەوە و بڕیار بدات، نەك بۆ رەشنووسی دەستوور بڵێین بەڵێ یان نەخێر، چونکە ئەگەر ئێمە خۆمان ئامادە نەبین ئەوا دەجاری دیکەش بەغدا بکەوێ - وەکو لە 2003/4/9 - ئەوا هەمان قەوان دووبارە دەکەینەوە و بەرامبەرەکانمان دەکەینە هۆکاری شکست و پاشەکشێکانمان و خۆمان لە ئەرك و بەرپرسیارێتی و رەخنە دانێکی جددی دەدزینەوە، ئەمەش خۆدووبارەکردنەوەیەکی بێ تامی ئەقڵیەتی سیاسی کوردیە و شتێکی ئەوتۆی لێ شین نابێت.